# نەبەردی دوو بەرە لەنێوان درامای ئاریاو هستریای ئیسلامیەکان !

ڕێبوار عارف
fediraq@welho.com

هێشتا هەفتەیەك بەسەر پێشکەشکردنی چەند بەشێکی زنجیرەی درامای ئارایا تێنەپەڕیبوو، هێشتاسەرەتای نیشاندانی گۆشەیەك لە کارنامەی مەلاکانی کوردستان بوو. ئیسلامیەکان پردی تەحمولیان پساو پاش تەکبیرکردنێك ڕۆژی هەینیان کردە سەعاتی سفر بۆ تەقاندنەوەی مەسەلەکەو بۆ ئەم مەبەستەش بڵنگۆی مزگەوتەکانی ناوچەی سلیمانی وهەلەبجەیان کردە مەیدانی هەڕەشەو فتوادان دژ بەدرامای ئاریاو دەرهێنەرو هونەرمەندانی بەشداری ئەم بەرهەمەو هەرلەوێوشەوە ڕایانگەیاند کەدەبێ ئەم درامایە هەڵگیرێت وکۆتایی بەپێشکەش کردنی بهێنرێت. هەنگاوی دواتری مانۆڕلێدانی ئیسلامیەکان پەنابردن بۆ "یاسا"و دەسەلات و کۆبوونەوە کردن لەگەل نووێنەری سەرۆك کۆمار کە وەزیری ئەوقافیشە هەروەها داواکرا لە پەرلەمانیش کەکۆتای بەم بەرهەمە بهێنن. سەرئەنجام کۆبوونەوەی سێ قۆڵی ئیسلامیەکان ونووێنەری سەرۆك کۆمارو کەناڵی کوردسات توانی ئەم بەرهەمە لەبار بەرێت هاوکات چاوەڕوانی بەردەوام بوونی زنجیرەکانی تریش لەگۆڕ بنرێت. لێرەدا پرسیاری یەکەم ئەوەیە کە ئایا فاکتەری بزوێنەری ئیسلامیەکان چی بوو وا لەپڕا توانیان جارێکی تر ووتاری نویژی جمعەی دەیان مزگەوتی پاریزگای سلیمانی تەرخان بکەن بۆ هاوتوهاوار دەربڕین دژ بەدرامای ئاریا؟ بەدڵنیایەوە ئەم هەنگاوانە نەکاری بەرێکەوتن ونەتەنیا ئیشی کۆمەلێك مەلاو فەقێیە. بەڵکو گۆمان لەوەدا نیە کەکارێکی سازماندراو ئاشکرای لایەنە ئیسلامیەکانەو بەرهەمی دەورانێك کارکردن وخۆ لەکەمیندا مەلاسدانە ! بەلام دیسان لێرەشدا پرسیار ئەوەیە کە ئەم کارە بۆ، بۆ دەبێ درامایەك کە شەوانە دەیان وسەدان هەزار ئینسان کاتەکانی خۆیان لەگەڵدا بەسەر دەبرد کۆتایی پێبهێنرێ وتازە هەرەشەو فتواو هێماکانی توندوتیژی کۆمەلگا بەرەو ئاستانەی کێبەرکێ یەکی توند بەلکێش بکات ؟ بەبڕوای من ئەم کێ بەرکێیە بەرئەنجامی کێشمەکێشیکی فراوانتری دوو بەرەی دژ بەیەکن لە کۆمەلگای کوردستاندا کە هەم باکگراوەندێکی دێرینتری هەیەو هەم لەبەردەم قۆناغێکی نوێشدایە. پەراوێزبوونەوەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا چەند ساڵێکە بە شێوەیەکی بەرچاوتر دەستی پێ کردبوو. ئەگەرچی سیناریۆی ڕەشی کۆمەلگای عیراق و ناکام مانەوەی نەخشەو پیلانەکانی ئەمەریکا هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەی لە بەرژەوندی جمهوری ئیسلامی ئیران وئیسلامی سیاسی بەگشتی شکاندەوەو کەم تا زۆر ئیسلامیەکانی کوردستانیش لە بەرەکەتی ئەو دۆخە بەهرمەندبوون. بەلام ئەمە نەیتوانی وناتوانێ ئەو لایەنانە لە پەلهاویشتن وبەهرەمەندبوون لەقۆناغیکی نوێی پەرەسەندن بەردەوام بکات. هۆکارەکەی ڕۆشنە کۆمەلگای کوردستان کۆمەڵگایەکی مەدەنیەو بزوتنەوە سیاسی وکۆمەلایەتیەکان لە کیشمەکێشێکی شەفافترو بەرچاوتردان. بەتایبەت تا ئەوشوێنەی کە بە جێگەوڕیگەی بزوتنەوەی ڕادیکال وسکۆلارو مەدەنی ئازادیخوازی کۆمەلگای کوردستان دەگەڕێتەوە خاوەنی پێگەیەکی کۆمەلایەتی بەهێزەو توانای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سیاسی وکۆمەلایەتی بەرچاوی هەیە ! دروست هەر ئەمەش جێگەی نیگەرانی ودڵەڕاوکەی ئیسلامیەکانە. خراپنیە بۆ ڕۆشنترکردنەوەی باسەکەمان بەیەك دوو ڕووداوی ئەم چەند مانگەی ڕابردوو ئاماژە بکەین تا نیشان بدەین کە ئەوە بەتەنیا زنجیرەی درامای ئاریا نیە کە ئیسلامیەکان دووچاری هیستریا کروە، بەڵکو هەقیقەت ئەوەیە کە ئەوان نیگەرانی پەرسەندو فراوان بوونەوەی هەمان بزوتنەوەی ڕادیکال وسکۆلار لە کوردستاندا کە خوازیاری جیای دین لەدەولەت ودەستەبەرکردنی ماف وئازادیە فەردی ومەدەنیەکانی خەڵکی کوردستانە ! پەرچەکردارو هەڵوێستی ئیسلامیەکان لەماوەی چەند مانگی ڕابردودا دژ بە کەمپەینی جیای دین لە دەولەت و هەڕەشەوگوڕەشەکانی ئیرەو ئەویان وکۆبوونەوەکانی ئیران وقاهیرەو داگیرسانی چراسەوزی ئەوەی کە لە ئەگەری بەدەنگەیاندنی هەرجۆرە بڕیارێك بەمەبەستی جیای دین لەدەوڵەت فتواو کوردستان ڕووبەرووی شەڕو

مەترسیەکی گەورە دەبیتەوە لە لایەن "ولاتانی دراوسێ وە " هەموو ئەمانە تا بەردەباران کردن و کوشتنی وەحشیانەی دوعاو بە دەنگهاتن وناڕەزای دەبڕینی خەڵکی کوردستان ومانۆرلێدانی بەرەی ئازادیخوازوسکۆلارو پەردەهەلمالین لەڕووی داب ونەریت ویاساو ریساکانی ئیسلام وبەڕێخستنی دەیان کۆرو کۆمەل وسیمینارو خۆپیشاندان و نووسینی سەدان ووتارو بەحەرەکەت دەرهێنانی بزوتنەوەیەکی ڕادیکال ومەدەنی وسکۆلار لەسەرتاسەری کوردستان ئەوروپاو هەموو جیهان بەشێوەیەکی کەم وێنە ئیسلامیەکانی دووچاری تەنگە نەفەسی وشپرزی ونارەحەتیەکی گەورە کردەوە. ئەمە ئەو دۆخەیە کە ئیسلامیەکانی خستووەتە فکری کەمین نانەوەو خۆئامادە کردن بۆ تێپەراندنی ئەم قۆناغە. بۆیە ئیتر بە لێکدانەوەی خۆیان درامای ئارایا دەبێتە فرسەتێکی لەبارو گونجاو بۆ تێپەراندنی ئەو دەورانەو خۆسازدانەوەیان. دیارە لەمبارەوە گەورەترین بەهانەیەك کەئەوان بەدەستیانەوە گرتووە ئەوەیە کە گوایە سووکایەتی بە ڕمزو سۆز مقدەساتی ئیسلام کراوەو ئەمە بەهیچ جۆرێك لە کۆمەلگای"ئیسلامی"کوردستاندا ناکرێ چاوی لێ بنووقینرێ.

<u>درامای ئارای سووکایەتی بە مقەدەساتی کێ کرد ؟</u>

کاتێك کە ئیسلامیەکان ساڵی ڕابردوو لە زۆرێك لە ولاتانی ئەوروپا دژ بە حکومەتی دانیمارك شوڵیان لێڕاکێشاو دەستیاندایە نارەزایەتی دەربڕین، باسەکە لەسەر ئەوەبوو کە چەند کاریکاتیری ئەو جەنجاڵەی لەسەربەرپاکرا کە لەیەکیاندا وێنەیەکی محمەد پێغمبەری ئیسلام کێشرابوو کە قومبەلەیەکی تەوقیتکراو بەسەرمیزەرەکەی سەریەوەیە، ئەمە وەك هێمای توندوتیژی ئیسلام نەخشێرابوو. بۆیە ئەم کاریکاتیرانە بووە هەوێنی ئەزمەیەکی گەورەو ئیسلامیەکان ئاگریان تێبەربوو هەرهەمان ئاگریشیان بەردایە سەفارەتی دانیمارك. بۆ ئەم ڕووداوە پرسیارەکە چیە وا ئیسلامیەکان نیگەرانن؟ گوایە سووکایەتی بەمقەدەساتی ئیسلام کراوە.

سیناریوی ئیسلامیەکان لە دانیمارکەوە تا کوردستان گرێدراوەی یەك ڕوانگەیە. لە دانیمارك بە کارێکی هونەری هاتووهاواریان لێ هەڵساو ووتیان ملییاردو نیویك ئیسلام سووکایەتی پێ کراوە. لە کورستانیش هەمان سیناریۆ بە دیوێکی تردا دووبارە دەکەنەوە دەلێن گوایە ئەم زنجیرە درامایە سووکایەتی کردنە بەمەلاو بەمقەدەساتی ئیسلام. کەئەمە ئیتر لەقسەیەکی پوچ زیاتر هیچی تر نیە. فەرموون دەتوانن ئەو زەحمەتە بکێشن وپیمان بڵێن ئەم درامایە سووکایەتیە بە چ کەسانێك کردوە. مەگەر مەلاکانی کوردستان لە سەردەمی دەسەلاتداریەتی بەعسدا کارکتەری بەهێزکردن وپشتیوانیکردنی بەعس نەبوون، مەگەر دووێنی بڵنگۆی هەمان ئەو مزگەوتانەی ئێستە نەکرابووە سەنگەری داکۆکی کردن لەبەعس و(سید رئیس) مەگەر کاری شەریفانەی ئەم مەلایانە هەر پاساو هینانەوەو پیاهەڵدانی سەدام حسین نەبوو " خوابیپارێزیت". هەقیقەت ئەوەیە کە تێزی سووکایەتی کردن بە "مقەدەسات " بۆ ئیسلامیەکان بەهانەیەکە بۆ هەلکێشانی شمشیرەکانیان وئاراستەکردنی توندوتیژی وپەراندنی فتواو جیهاد. کێشەکە ئەوەیە هەر دەنگ وڕەنگ وکاروکردەوەیەك کەپەیوەست بێ بەئازادی بەیان وبیروڕادەربڕینەوە ئەوان هەڵدەخڕێنێ، ئیتر لەدەنگ بەرز کردنەوەی کیژۆڵەیەکەوە بگرە تا گۆرانی وسەماکانی تا ئاریشت وخۆبادانی تا خۆشەویست و ڕاموسین وعەشق تا دەربڕینی هەر گۆشەیەك لە خۆزگەو ئارەزوکانی، ئەوان دووچاری هیستریك دەکاو دیسانەوە وەك هەمیشە پەنا دەبەنەوە بەرخۆشکردن و بوژاندنەوەی "ئاگری جەهەنم " لەسەر ڕووی زەوی. ئەمە بۆ ؟ گوایە کۆمەلگای "ئیمە" ئیسلامیەو دەبێ مقەدەساتەکانی بپارێزرێت.

من ئەوە دەسەلمێنم کەتوێژێکی خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە بوونەتە پاشکۆیئیسلامی سیاسی. بەلام ئەمە بەهیچ جۆرێك ئەوەناگەیەنی کەخەڵکی کوردستان ئیسلامین وسوکایەتیان پێکراوە. ئەوەی ئیسلامیەکان نیگەران دەکات دروست پێچەوانەیە، ئەوان دڵنیان کە کاتێك مەریوان هەلبجەی بەر ڕەحمەتی هەڕەشە دەکەوێ، بزوتنەوەیەکی سەرتاسەری فراوان پانتای هاتنەمەیدان و ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی مەزن بەخۆیەوە دەگرێت بۆ داکۆکیکردن لەئازادی بەیان وبیروڕادەربرین. ئەوان دەزانن کە کاتێك قسە لەسەر قەسابی کردنی دوعاو دۆعاکانە هەمان بزوتنەوە لەئاستێکی زۆر

بالاتردا نمایشی هاتنه مەیدانی خۆی دەکات و ڕێگەنادات ئەو داب و نەریتێك کەئەوان شانازی پێوەدەکەن چیدی کوردستان بارگاوی بکات. بۆیە تەنانەت کاربەشوێنێك دەگا کەئورگانە نیونەتەوە یەکان وپەرلەمانی ولاتانی ئەورپای پێڕادەچڵەکێنرێ ولەهەمان ڕێگەوە دوعا دەبێتە ڕەمزو داینەمۆی هاتنە مەیدانی بزوتنەوەیەکی ئاواو ڕووداوی بەردەبارانکردنەکەشی دەبیتە فایلێکی تری قێزەونی داب ونەریتی ئەو ئیسلامیانەیە کە دەیانەوێ درامای ئاریا بقۆزنەوە بۆ تۆڵەکردنەوە لەو بەرەی کەماوەی ئەم چەند مانگەدا دووچاری ئەو هەموو شکست و ڕیسوابوونەیان دەکاتەوە. جێگەی خۆیەتی لێرەدا بڵێن کە لەژیاندا هیچ شتێك بۆ هەموو خەڵکی وەك یەك مقدەس نیە، بەپێچەوانەوە ئەوەی مقەدەسە بەهاو ژیانی ئینسان خۆیەتی هەربۆیە پێویستە هەرکەسێك ئازاد بێ لە بەیان کردنی بیروڕای خۆی ولەخستنە ڕووی قوڵترین ڕەخنەیەك کە بڕوای پێیەتی. ئەوەی کە مقەدەسە ئەوەیە کە ئینسان بەجۆرێك لەجۆرەکان گوزارشت لە هەست وسۆزوبوون وکەسایەتی خۆی بکات وئەوەی کە بڕوای پێیەتی دەریبڕێ کە ئەمەش گرەوی دەستەبەر کردنی ئازادی بێقەیدوشەرتی بەیان وبیروڕادەربڕیندایە.

<u>مقەدەسات و ئازادی بەیان وبیروڕا</u>

سەیرەکە ئەوەیە کە زۆرجار کۆێبیستی ئەوە دەبین کەگوایە ئیسلامیەکان لاریەکیان لە ئازادی بەیان وبیروڕادەربرین نیە، بەلام بەمەرجی ئەوەی کە سنووری مقەدەسات نەبەزێنێت. ئەمەیان ئیتر لە گاڵتەجاری وجوکیکی بێ تام زیاتر هیچی ترنیە. ئیسلام لەباتشرین حاڵەتدا ئازادی بەیانی بەنرخی <u>پاراستنی مقەدەسات</u> پێقبوڵە کە پەیامی ئازای بەیان، یانی نقدی هەمان ئەو مقدەسات وخورافات وتابووتانە. فەلسەفەی ئازادی بەیان نقدی هەر دیاریدەیەکی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابوری، فەرهەنگی کۆمەلگایە . ئازادی بەیان ناکرێت سنوورو مەرجی بۆ دابنرێ، مەسەلەی ئازادی بەیان مەسەلەی پاراستن و مسۆگەرکردنی ماف وئازادیەکان و سەلامەتی تاکە لەبەرامبەر بەدەستەلات وهەر ئایدۆلۆژیاو سیاسیەتیکدا. بەلام دەبینین ئیسلام وئاین بەگشتی بەشێك لە ئایدۆلۆژیای زاڵی کۆمەلگای مرۆڤایەتی بووە. لەو کاتەوە کەمێژووی کۆمەڵگای چینایەتی پێناوەتە مەیدانی کێشمەکێشەوە، ئاین وەك ڕوکنێکی سەرەکی چینە دەستەلاتدارو چەوسێنەرەکان هەمیشە بانگێژەی کردووە بۆ بەپیرۆز ڕاگرتنی پیغەمبەر، قورئان و تەورات وانجیل، مالکیەتیەت شاو ئاغاو کویغا، هۆزوعەشیرەو قەومی..هەموو ئەمانە مقدەسن وهیچ کەس ولایەنێك بۆنیە سنووریان ببەزێنێ. هەر لێرەشەوە خەبات وهاتنە مەیدانی خەلك وناڕەزایەتیە کۆمەلایەتیەکان وڕادیکالیزم ومەدەنیەتی گۆمەڵگا سەرزەنشت وسەرکوت دەکەن. پێدەچێت ئیسلامیەکان لە کوردستان لەهەر سەردەمێك زیاتر پیویستیان بەپاراستنی ئەم مقەدەساتانە هەبێ. بۆیە دەبێ بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانج ونەخشە سیاسیەکانی خۆیان بڵێن درامای ئارایا، نامیلکەکەی ڕێبوار ئەحمد، کتیبەکەی عبدلقادر معروف ومەریوان هەلەبجەی، شعرەکەی شێرکۆبیکەس، پەیکەرەکەی فلانە پەیکەرتاش، سەماو گۆرانیەکانی ئەویتریان سنووریان بەزاندوەو دژ بە مقەدەساتی ئیسلام وداب ونەریتی "ئاینیمانن". ئەوان بەهیچ جۆرێك توانای قبوڵکردنی ئازادی بیروراو بەیانیان نیەو بە پێچەوانەوە ئەوان بە کەشوهەوای ئازادی بەیان و ڕادەبرین دووچاری تەنگە نەفەسی و هیستریك دەبن. ئەوان خوازیاری هەڵپساردن وهەلپیێچانی هەر بڵندگۆیەکی ئازادیخوازانەو هەردەنگ ڕەنگ وجلویەکی ئازادی بەیان وبیروڕا دەربڕینن. بۆیە دەبێ دەنگی هەموو میلۆدیەکان وجلوی هەموو سەماوشعرێکی عاشقانەو داهێنانی هەر هونەرێکی ئینسانی وتەنانەت بەیانی هەر هەقیقەتێك وپەرەپیدانی هەر زانستێك تاهەر ڕەخنەیەك کەپێی لەسەر گۆڕینی جیهان گیرکردبێ دەکەویتە بەرغەزەبی شالاو تووڕەی ئەوان. هەربۆیە ئەوەی کەبۆیان دەمێنێتەوە لەژێر ناوی پاراستنی مقەدەسات و بریندارکردنی هەست وسۆزی مۆسلمانادا، فتوای کوشتن ولەخوێن هەڵکێشانی جەستەی شەریفترین ئینسانەکانی ئەم کۆمەلگایە دەدەن. سەیرەکە لەوەدایە نموونەی ئەو مەلایانەی کە ئەمڕۆ لەسەر پێشکەش کردنی بەرهەمێکی هونەری یا سووتانی قورئانێك دەیکەنە "ڕۆژی حەشر" دوێنی لەگەرمەی سووتان وئاگرتێبەردانی ولاتێکدا، گۆشەی عەباکانی سەرشانیان با دەداو (بروح بدەمیان) بۆ سەرۆك دەوتەوە. ئەمڕۆش سنگ بۆ کارنامەو

ڕێزی هاوكارەكانی خۆیان دەكووتن لە سەردەمی دەسەلاتداریەتی بەعسدا. بەڵێ ئیسلامیەكان لەكاتێكدا كەپەردە لەسەر كارنامەی سیاسییان هەڵدەدریتەوە لەكاتێكدا كە بەرەیەكی پێشكەتوخوازو سكۆلار دەنگ هەڵدەبڕن دژ بەتیرۆری ژنان وبەردەبارانكردنیان، لەكاتێكدا كەنووسەرو شاعیرو وئەدیبێك بەرهەمێك دەخولقێنێت ئەوان لەباتی پەنجە، شمشیر دەچەرخێنن وهاواردەكەن سنوورەكان مەبەزێنن وسووكایەتی بەداب ونەریت ومقدەساتی ئیسلام مەكەن. هەروەك ئەوەی ئەو ساتانەی كەباس لەهەقیقەت دەكرێت ئەوا سووكایەتی بەوانكراوە. بۆیە دەستبەجی پەنا دەبەنەوە بەر بڵندگۆی مزگەوتەكانیان وهاتوهاواری خۆیان بەرپادەكەن و هەر لەوێوە نەك هەر فەرمانی كۆتایهینان بە زنجیرەی درامای ئاریان دەدەن، بەڵكو فتوای مەرگی ئەكتەرەكانی ئەم بەرهەمەش دەدەن. هەقیقەت ئەوەیە گەورەترین ڕێز لێنان لە خەلك بەڕەسمسیەت ناسینی بێ قەیدوشەرتی ئازادی بەیان ودابینكردنی بارودخی مادی وهقوقییە. هەركەسێكی كۆمۆنیست، سوسیالیست، لیراڵ، ناسیونالیست، محافەزەكار، فاشیست مافی دەربڕینی بیروڕای هەیە. لەمەش گرنگتر دەوڵەت و یاسایە كە دەبێ لە خزمەت پاراستن و مسۆگەركردنی ئەم ماف وئازادیانەدابیت. ماوەتەوە بڵێن كەئایا دەوری دەسەلات چی بوو لە سیناریۆی كۆتای هێنان بە زنجیرەی درامای ئارایا ؟ هەڵەیەكی گەورەیە ئەگەر پێمان وابێت هەڕەشەو گوڕەشەی ئیسلامیەكان ومانۆرلیدانی مزگەوت ودیدارو پەنابردنیان بۆ وەزارەتی وئەوقاف وپەرلەمان ودەسەلات بەگشتی، كاریكی خۆبەخۆی ودوور لەنەخشەو پشتیوانە ڕێنمایەكانی حزبە ئیسلامیەكان بووبێت. بەهەمان ڕادە هەڵەیەكی گەورەیە گەر پێمان وابێت كۆتایهێنان بە زنجیرەی درامای ئاریا تەنیا لە قەڵمەڕووی بڕیاری كەنالی كوردسات بووبێت. بۆیە بەبڕوای من لەپاڵ هەموو پەردەهەڵدانەوەیەك لە كاركردوئامانجەكانی حزب ولایەنە ئیسلامەیەكان و یەكیەتیەكان بۆ ڕاگرتنی درامای ئاریا، هاوكات وبەهەمان ئەندازەش دەبێ پەرلەمان ودەسەلاتیش بكەونەبەر نوكی ڕەخنەو سەرزەنشت كردنی بزوتنەوەی ڕاپەڕیوو ڕادیكال وئازادیخوازی خەڵكی كوردستان. دەسەلاتێك كە ادعای "عەلمانی"بوون و "ئازادی بیروڕا" دەربرین دەدات. دەسەلاتێك كە پاراستنی گیانی هاولاتیان دەكات، ئاخۆ چ وەلامێكی هەبێ لەبەرامبەر بە هەڕەشەو شمشێر ڕاوەشاندنەكانی ئیسلامیەكان دژ بەدەرهێنەرو ئەكتەرەكانی درامای ئاریا؟ ئەوە دەسەلاتە كە لەپشت تێزی پاراستنی مقەدەساتەكانەوەیە. ئەوە دەسەلاتە كەلە پشت بڕیاری داوایهێنان بەدرامای ئاریاوەیە بۆ نەڕەنجاندنی دڵی ئیسلامیەكان ئیمتیازیان پێدەدات، بەنرخی لەگۆڕنانی ئازادی بەیان وبیروڕادەربرین، بەنرخی بەرتەسك كردنەوەی توانای داهێنانە هونەریەكان بەنرخی پیشلكردنی مافە سەرەتایەكانی خەلكی كوردستان كە ئارەزوی بەردەوام بوونی درامای ئاریا دەكەن. بەپاڵ هەموو ئەمانەشدا پێموایە بە ئەندازەیەك كە كوردسات دەوری هەبوو لە كۆتایهینان بەم درامایەو یا ملی داوە بە بڕیارێكی لەو چەشنەو تەنانەت بە ئاشكرا پەنای بردووەتە بەر سانسۆری بەرهەمەكە بەتووندی خۆی خستووە بەر نەفرەت ونارەزایەتی خەلكی كوردستان خاڵێكی ڕەشی لە كارنامەی خۆیدا تۆماركردوە. لە كۆتایدا دەڵێم ئای كەتراژیدیایەكی تاڵە ئەو كاتانەی كە تاوانبار لە بەرگی داكۆكەر لە بەهاو ڕێزی خەلكدا خۆدەنوونیت و "دادوەریش" بڕیاری كۆتای بە بەرهەمێكی هونەری دێنێ كە ئەمە جگە لە پێشێلكردنی ئازادی بەیان و بیروڕادەربڕین زیاتر هیچ مانایەتی تری نیە ! ئەوەی كەدەتوانێ هاوكیشەكان بگۆڕێت، دەخالەتی ووشیارانەی بەرەی ڕادیكال وسكۆلارو ئازادیخوازی كوردستانە لە ڕاوەستانەوەیەكی جیدی و لێبڕاوانەدا دژ بە هەموو ئەو شالاو پێشلكاریانەی كەدەكرێتە سەر ئازادی بەیان وبیروڕادەبڕین. دلنیام مەدەنیەتی خەڵكی كوردستان فاكتۆریكی گرنگی سەقامگیر كردنی ماف وئازادیەكانی خۆیانەو لێناگەڕین كەچیتر ئەم كۆمەلگایە بەرو دواوە بگەڕێتەوە ! 25 حوزەیرانی 2007

Dengekan